# ماڵئاوا خۆشكە خاسەكەم مەرزیەخان ... س / خانەقینی

بەداخ و پەژارەێکی زۆرەوە گوێم لە هەواڵی کۆچی بولبلی جوانەمەرگ وکەڵەژنی هونەری کوردی، بولبولی خۆش ئاوازی کوردستان مەرزیە فەریقی بوو، بەراستی ب ئەم هەواڵە دڵ تەزێنە هەستمی هەژاند وای لێ کردم کە هیچ نەبێ شتێك بنووسم بەو بوونەیەوە، ئەویش ئەوەبوو کەدەستم کردە نووسینی ئەم بابەتە وەکۆ وەفادارێك بۆ ئەوخاباتە درێژەیی کەخانمی گورانی کوردی خاتوو مەرزیە کردی. مەرزیەیی ئازیز و خۆشەویست تەنها کورانی بێژ نەبوو بەلکو ئافرەتێکی شارەزا ولێهاتوو بوو لەبواری کوردایەتیدا وپارێزەری مافی ئافرەت وپێشمەرگایەتی. لەکوردایەتیدا وەکو ژنە قارەمان رووبەروویی هەموو پلانەکانی دوژمنی دڕندەیی میلەتەکەان بووەو وەنارەزایی خۆیی دەربری وقبوڵی

ئەوحاڵەتە ئاڵوزەیی نەکردو وازی لەگوَرانی فارسی هێناو ودەستی بەگۆرانی کوردی کردو وبریاری دا چی تر لەزمانی شرینی کوردی زیاتر بەهیچ زمانێکی تر گۆرانی نەڵێت. هەروەها روویی کردە شاخ و دەستی داچەك شان بەشانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان خەباتی کرد. مەرزیە خان بەسرودی نیشتمانی دەستی بەگورانی کوردی کرد بۆنموونە (ئەیی هەزدڤاڵی پێشمەرکە) ئەتوانم بڵێم مەرزیەخان یەکەم ئافرەتی کورد بوو کەسروودی نیشتمانی ووت ئەویش خۆیی لەخۆیدا ئەوە ئەسەلمێنێ کەخاتوو مەرزیە تاچ رادەیەك هەستی نەتەوایەتی کاری تێکردبوو. مەرزیەیی ئازیز ئەوکاتەیی کە هاوسەری بۆخۆیی هەڵبژارد خەباتی کوردایەتی زیاتر لەناخی دا جولآیەوە چوونکە هاوسەرەکەیی بەراستی کەسێکی ئاسایی نیە " بەلکۆ کەسێکی زۆر قارەمان وکۆل نەدەرە، ئەتوانم بڵێم ئەستێرەیی هونەروگورانی کوردی وقوتابخانەیی تایبەتی ئاواز وگورانی ملەتەکەمانە، کاك ناسری رەزازیە کەشان بەشانی یەکتری بێ وچان لەم رێیە دوورو درێژە خەباتیان کردوە. خوشکی هونەرمەند و ەکاتەیی کە ئەم رێگایەیی هەڵبژاردوو وروویی کردە شاخ زۆر باشی زانی کەژیان لەشاخ دا زۆر سەختە وهەمووکەس ناتوانی لەودەریا بێ پایانە مەلەوانی بکا. مەرزیە گیان مەرزیەیی هونەرمەند بوو بەمەرزیەیی پێشمەرگە وبەراستی لەبوارەشدا ڕۆلێکی زۆر گەورەیی نواند و بوو بەنمونەیی ئازا وقارەمان ولەهونەریشدا بوو بەخوشك ودایکی هەموو ماڵەکان. خاتوو مەرزیە میوانی ئێسك سووکی زوربەیی ماڵە کوردەکان هەمووشەوان. لەزۆربەیی چالاکیەکانی کورد چ لەناوەوە وچ لەدەرەیی ولآت بەشداری کردووە. دەوڵەمەندی هەموو کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردی کردوە بەگۆرانی خۆش. کەوایە ئەرکی سەرشانی هەموان بوو کەبەشداری خەم وپەژارەیی ئەومنەماڵە قارەمانە بن لەو کارەساتە دڵ تەزێنە دا.

بەلەدەست چوونی ئەو نەمرە ئەستێرەیەکی تری ئاسمانی گۆرانی کوردی ئاوابوو. خاتوو مەرزیە زوو ئەو رێگایە یی هەڵبژارد کەماموَستایی موسیقاو وئاوازی کوردی (ولیام یوحنا) وژەیناری گەورەیی کورد عاشقی دەنگی حەسەن زیرەك کاك (موحتەبایی میرزادە) ومامۆستایی گەورە کاك ئیبراهیم خەیات وهونەرمەندی ئێسك سووك کاك عوسمان عەلی هەڵیان بژاردبوو. هیوادارم ئەم کۆسپانە دوا کۆسپی میلەتەکەمان بن وپرسەو وسەرەخۆشی خۆم وبنەمالەکەم بۆ بنەمالەیی ئەو هەموو پۆلە هونەرمەندە ئەکەم هیوادارم کە وا ئەو اڵە دڵ تەزێنە هەرچەندەقۆلە بەڵام زۆر گاریگەر نەبێت وکۆسپێکی گەورە یی ملەتەکەمان کاك ناسری رەزازی وبێ گومان باشترین گوڵ ودیاری بۆ سەر گۆڕی ئەو هونەرمەندە نازدارە ئەوەیە کە کاکە ناسر بەردەوام بێ لەرێبازی خۆیی وبتوانێ زیاتر هەوڵ بدا بۆ پێش خستنی هونەری کوردی وەکو ڕێزگرتن لەمێژویی خەباتی مەرزیەیی خۆشەویست.

س/ خانەقینی
21 .9 .2005
نەرویج